

## د.ڕەشاد میران بۆ گوڵان:

# سستمی کۆمەڵگەی کوردی پیاوسالارە و ئافرەتیش وەک پیاو لێی بەرپرسیارە

بە پێی پێکهاتەو کلتوری کۆمەڵگای کوردی سیستمی کۆمەڵایەتیی ئەم کۆمەڵگایە بە تەواوی پیاوسالارە، ئێستاش بەها سەرەکییەکانی پیاوسالاری "پیاو و پیاوەتی" لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهای یەکەمینن، لێرەشدا تەنیا گرفتەکە بۆ پیاو ناگەڕێتەوە، بەڵکو خودی ئافرەتیش لێی بەرپرسیارە، هەردوو ڕەگەزیش بە تەواوی لەم سیستەمە ناڕازین،دکتۆر ڕەشاد میران مامۆستای زانکۆ لە دیداریکی گۆڤاری گوڵاندا بە شێوەیەکی زانستیانەو بە پشت بەستن بە واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری، وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



*** کێشـــەی ئافرەت خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی جیهانییە، بەڵام کێشـــەکە لە وڵاتی ئێمەدا، کێشـــەی ئافرەتانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، ئایا تا چەند نەبوونی دەوڵەت کێشەی ئافرەتی کوردی ئاڵۆز کردووە، مەبەســـتمان ئەوەیە تاچەند کولتووری داگیرکاران هاتووەتە ناو کولتووری کورد و کێشەکەی ئاڵۆز کردووە؟**

- ئافرەت توخمێکی ســـەرەکی و هەرەگرنگـــی ژیانە، بەهیچ شـــێوەیەك جیاناکرێتەوە لە سەرلەبەری بوار و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتـــی.. ژیانی مرۆڤایەتـــی بەپلەی یەکەم پەیوەســـتە بـــە ئافرەتـــەوە. ئافرەت هەروەهـــا دامەزرێنەرێکی ســـەرەکیی ئەو سســـتمەیە کە کۆمەڵگای لەســـەر بنیادنـــراوە — ئەویش لـــە پێکهێنانی خێـــزان و بەڕێوەبردنی ئەرکـــە کولتوورییەکانی (وەچەنانەوە، پێگەیاندنی منداڵ و داڕشـــتنی کەسایەتییەکەی و...). ئافرەت و پیاو هەمیشـــە هەر پێکـــەوەن و لێکدانابڕێن، بەیەکەوە کۆمەڵگا و سســـتمی کۆمەڵایەتیی دادەمەزرێنن- لەم گۆشـــەنیگایەوە، هەرگیز ڕاســـت نییە کە دەگوترێ «ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە»، چونکـــە کۆمەڵگا بەهەردووکیانەوە(ژن و پیـــاو) کۆمەڵگایـــە و دابەش ناکـــرێ و هەردووکیان وەکو یەك بەرپرســـن لەو ژیانە ڕێکخراوە هاوبەشـــەدا کە دایانمەزراندووە و بەبێ هەر یەکێکیان ئەم ژیانە هەڵدەوەشێتەوە.

**ڕاست نییە کە دەگوترێ «ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە»، چونکە کۆمەڵگا بەهەردووکیانەوە(ژن و پیاو) کۆمەڵگایە و دابەش ناکرێ و هەردووکیان وەکو یەک بەرپرسن لەو ژیانە ڕێکخراوە هاوبەشەدا**

جا، ئەو سســـتمە کۆمەڵایەتییە کە ژن و پیاو لەسەری دەژین لە کۆمەڵگایەکدا چۆنە و لەچ ئاستێکدایە! ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئەو سســـتمە هەرچەندی کەموکوڕی و ناعەدالەتیی تیابێت، ژن و پیاو پێکەوە لێی بەرپرسن. دە هەر ئافرەتە کە دەوری سەرباشقە دەبینـــێ لە مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو سســـتمەدا، ئەویش بە داڕشـــتنی کەسایەتیی منداڵ لە میانەی پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، ئەو کەســـایەتییەی کە دەگونجێ و پێویستە بۆ سستمەکە و پێیەوە دەمێنێتەوە.

**ئافرەت بە هەموو توانا و دەور و لێهاتوویی خۆیەوە لە خزمەت مەسەلە نەتەوەییەکە دایە و هەر ئەوە کە مرۆی کورد دروست دەکات**

سســـتمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی سســـتمێکی تەواو پیاوسالارە، ئەو پیاوســـالارییەش، وەکو گوتمان، وەکو چۆن پیاو ئاواش ئافرەت لێی بەرپرســـیارن. ئێســـتاش بەها سەرەکییەکانی پیاوســـالاری «پیاو و پیاوەتی» لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهای یەکەمینن. ئێســـتاش ئافرەتان بە هەمـــوو توانایانەوە هەوڵدەدەن کوڕەکانیان «پیاوی پیاو» بن و کچەکانیشیان « ژنی ملکەچ». هێشـــتا کەمن نارەزاییەکان دەربارەی ئـــەو بەها کولتوورییانەی سستمی کۆمەڵایەتیی کوردی پیادەیان دەکات، کەمترینیش لەناو ئەو نارازیانەدا ئافرەتە.

بۆیە مەســـەلەکە ژن و پیاو نییە، بگرە سســـتمە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەیـــە کە هەردووکیان بەدەســـتییەوە گیریان خواردووە. زێدەڕۆیی نابێ بڵێین پیاو زێتر لە ئافرەت لە سستمە پیاوسالارەکە نارازییە. ئەم سســـتمەی ئێمە هەردووکیانی (ژن و پیاو) پەراوێز خستوون- ئەمە سستمێکی داخراوی گشتگیرە (شمولی)، تیایدا تاکەکـــەس (وەکو تاك) هیچ پلە و دەورێکـــی نییە، بەڵکو ئەم ســـستمە بەپێی بەهای ئینتیمـــا کاردەکات ئەویش ئینتیما بۆ: ئایین، دەسەڵات، حیزب، بنەماڵە — ئەو ئینتیمایەش لەمیانەی پەیوەندییەکانـــی خزمایەتی، دۆســـتایەتی و کرداری ئایینییەوە جێبەجێ دەبێ. هەر تاکێك یەکێـــك لەو دەزگا و پەیوەندییانەی لەپشت نەبێ، ناتوانێت هیچ دەور و پلەیەکی هەبێت، جا پیاو بێت یان ئافرەت، با ئەو کەسە لێهاتوو و بەهرەمەندیش بێت.

**دابین کردنی پێداویستییە تایبەتمەندەکانی ئافرەتان، تەندروستیش، بۆ جۆر و ئاستی سستەمی حوکمڕانی لە وڵاتدا دەگەڕێتەوە کە تاچەند پەرژاوەتە سەر بوارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ئەولویاتەکانی چین**

لایەنـــی نەتەوییی، کە ســـیمای هەر کۆمەڵگایەکـــە، بێگومان ئەویش ڕەنگدانـــەوەی کولتووەکەیەتی، ئەو کولتوورەی پێشـــتر گوتمان ژن و پیاو لێی بەرپرســـن. ئافرەت لێرەشدا دەوری باڵا و سەرباشـــقە دەبینێ، هەر ئافرەتە کە منداڵی خێزانەکەی دەکات بە کەســـێکی کورد (نەك عارەب یان تورك)، هەرنەبێ کە فێری زمانی دەکات — زمانی دایـــك، جگە لە بەها کولتوورییەکانی دیکەی کوردی. سستمی کۆمەڵایەتی و کولتوورەکەی ڕەوشێکی دیاریکـــراوی ژیانی واقیعی دادێنن کـــە تیایدا هەموو توخم و ڕەگەزە کۆمەڵایەتییەکان لەو ڕەوشەدا دەژین و هەموویان پێکەوە کارلێك و چالاکی و پەیوەندیی دەنوێنن- ئەمە لایەنی نەتەوەییش دەگرێتەوە. ئەگەر لەم ڕەوشـــەدا کێشە و گرفتی نەتەوەیی هەبن ئەوا هەموو توخم و ڕەگەزەکان لەناو ئەو کێشە و گرفتانەدا دەبن و هەر یەکێکیشـــیان بەپێی پرەنسیپی «ئینتیما»جێگە و دەوری بۆ ئامادەکراوە. نەبوونی دەوڵەت، بەڕای من، هیچ لە مەسەلەی ڕۆڵی ئافـــرەت ناگۆڕێ. ئەگەر سســـتمێکی کۆمەڵایەتی بە کولتووره پیاوســـالارەکەیەوە گەیشـــتبێتە ئاستێکی مەعریفی و ڕۆشـــنبیریی وا کە بتوانی خەباتـــی نەتەوەیی بکات و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بدات، ئەوا هەر بەو کولتوورەشەوە جێـــگای ئافرەت لەو پڕۆســـەیەدا دەســـت نیشـــان دەکات- جا خەباتی سیاســـیی نەتەوەیی هەبێت یان نـــا، دەوڵەت هەبێت یان نا! جێگە و پلە و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگایەکدا مەسەلەیەکی کولتوورییە.

*** لە کوردستان کێشـــەی ئافرەت هێندە ئاڵۆزە، هەست دەکرێت، ئافرەتان هێندەی وەك ئافرەت خۆیان بە چەوســـاوە دەزانن، هێندە ئەوەیان لەبیر نییە کە ئەوانیش مرۆڤی نەتەوەیەکی بەشـــخوراوو بێ دەوڵەتن، پرسیار ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم باردۆخە بگۆڕین و توانای ئافرەتیش بخەینە خزمەتی بیری نەتەوەییەوە؟**

- وەکو گوتم، ئافرەت بە هەموو توانا و دەور و لێهاتوویی خۆیەوە لـــە خزمەت مەســـەلە نەتەوەییەکە دایە و هـــەر ئەوە کە مرۆی کورد دروســـت دەکات. بەڵام لە زۆر بـــوار و لایەنەکانی ژیانی نەتەوەییدا جێگە و دەوری لەلایەن کولتوورەکەیەوە سنووردارکراون. لێرەدا بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە، نەك هەر لە بواری نەتەوەیی، چونکە هەموو لایەن و دیاردەکان بەیەکەوە پەیوەســـتن، چارەسەر خەبات و تێکۆشـــانە لەپێناو گۆڕانی کولتووریدا، یان ڕاســـتتر پەلەپێکردنی، چونکە هەموومان هەســـت دەکەین کە پڕۆســـەی گۆڕانی کولتووری ئەوا دەســـتی پێکردووە — پڕۆســـەکە سست و لەســـەرخۆیە، بـــەڵام هەیـــە و دەتوانین بە دڵنیاییـــەوە بڵێین کۆمەڵگای ئێمـــە و کولتوورەکەمان، هەمـــان ئەوەی پێش ٣٠ ساڵ نییە. ئەو کاتەی پڕۆسەی گۆڕان دەگاتە بەها کولتوورییە هەرە هەســـتیارەکان ( وەکو ژن و پیاوەتی، ئایین...) ئەو کاتە، بێگومان، پڕۆسەکە بەرچاوتر و گرفت ئامێزتر دەبێ.

لێرەدا، گرنگە سەرنجی لایەنێکی پڕۆسەی گۆڕان بدەین،ئەویش کاتێك دەگاتە ئاســـتی «وەرچەرخان» کە لەو حاڵەتەدا هەمیشە ئاڵـــۆزی و توندوتیژیی لەگەڵدا دەبێ، ئاســـتی هوشـــیاریی کۆمەڵایەتیی خەڵـــك دەوری یەکلاکەرەوەی ئەرێنی یان نەرێنی دەبینێ. زۆر گرنگە ئاســـتێکی شـــیاوی عەقڵانیزم پڕۆسەی خواستن و داواکاریی گۆڕان بەڕێوەبەرێ و هەرزەکاریی فیکری باڵی بەســـەردا نەکێشێ. ئەو عەقڵانیزمە دەبێ لەو ئاستە دابێ درك بکات کـــە ناوەڕۆکی پڕۆســـەی گۆڕانکاریی کولتووری بریتییە لە پرسی دەســـەڵات بەهەموو شێوەکانییەوە ( دەسەڵاتی



پیاو، دەسەڵاتی ئایین،خێزان، حکومەت، حیزب، بنەماڵە، خێڵ، گەڕەك...)، ئەو دەسەڵاتەش ڕەگی مێژوویی قووڵی هەیە و چەسپاوە – پرۆسەی گۆڕانکاری لەئارادایە و، وەکو گوتمان ئێمە ئیمڕۆکە وەکو جاران نین، بەگەڕخستنی با هوشیارانە و عەقڵانی بێت - لە مێژوودا نموونەی گەلێ گۆڕانکاریمان هەن کە دەرئەنجامەکانیان هەرگیز لە ئاست قوربانییەکانیان دا نەبوون.

*** هەموو هەنگاوێك بۆ پێشکەوتن پێویستی بەوەیە پەرەپێدان لەسەرچاوەی مرۆیی بکرێت، بێ گومان ئەگەر لەم لایەنە ژن بەنموونە وەربگرین، ئەوا زۆر گرنگە وەبەرهێنان لە کچی کورد بکەین لە قۆناخی ٥-١٨ ساڵدا، بۆ ئەوەی ژێرخانیك ئامادە بکەین نەوەیەکی ژنی لێهاتوو بەرهەم بێنین، ئایا ئەگەر ئێمە وەبەرهێنان لە کچدا نەکەین چۆن نەوەیەك ژنی لێهاتوومان دەبێت؟**

- خۆشبەختانە ئەم پرۆسەیە دەستپێکردووە و ئەوا بە تێمپی باشیش پێش دەکەوێ. ئێمە ئیمڕۆکە ئافرەت لە گەلێ لە شوێنەکانی کارکردندا دەبینین، تەنانەت لە دەزگاکانی دەسەڵاتیش. هەر ئەو ڕاستییەی کە ژمارەی کچان لە قوتابخانە و زانکۆدا هەمیشە ڕوو لە زیادبوونە، ئەوە دڵخۆشکەر و ڕێخۆشکەرە بۆ وەبەرهێنان لەم بوارەدا- ئەمە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی پرۆسەی گۆڕان.

*** لە سیستەمی دیموکراتیدا، سیاسەت واتە ڕێگرتن لەشەڕ، راشکاوانەتر جوانترین شانازی دیموکراتی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی دیموکراتی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازە و درەنگ بڕیاری شەڕ دەدەن، پسپۆڕان پێیان وایە گرنگە ژن بەشدار بێت لە سیاسەت بۆ ئەوەی هێندەی دیکە بڕیاری شەڕ قورس بێت، ئایا چەند گرنگە ئەقڵی ژن تێکەڵی سیاسەت بکرێت بۆ ئەوەی وڵات لەشەڕ و کاولکاری دوور بخەینەوە؟**

- مەسەلەکە تەنیا بوونی ئافرەت نییە لە دەسەڵات. دەسەڵات دەزگایەکی ئاڵۆزە تیایدا میکانیزمی دەرکردنی بڕیارەکانی خۆی هەیە- دیموکراسی و بڕیاردان لەسەر شەڕ یان ئاشتی پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریی کۆی ئەندامانی دەزگای دەسەڵاتەوە.

*** هەست دەکەین مەسەلەی ماف پێنەدانی ئافرەت بۆتە کلتوور لە کۆمەڵگەی ئێمە، هەست دەکەین کاریگەریی کلتووری داگیرکارانی بەسەرەوەیە، بۆیە هەست دەکەین لە زۆر بواردا، ئافرەت وەك کۆیلە سەیر دەکرێت، هەر بۆ نموونە هەتا ئێستا بودجەیەکی تایبەتی بۆ نەخۆشییەکانی تایبەت بە ئافرەت نییە، لەوانە نەخۆشیی سەرەتانی مەمك و چەندین نەخۆشی دیکە کە تایبەتن بە ژنان، ئایا دەکرێت لە چاودێریی تەندروستیدا، تایبەتمەندییەکانی ژنان لەبەر چاو نەگیرێت؟**

- ڕەوشی ئافرەت بەگشتی لە کۆمەڵگای پیاوسالاریی ئێمەدا خۆشبەختانە کۆیلەیی تێپەڕکردووە، ئەگەرچی هێشتا دوورە لەوەی پێی بڵێین کۆمەڵگای یەکسانی. بێ گومان ئەو نایەکسانییە کولتوورە، کولتووری خۆمان، نەك کولتووری داگیرکاران. ئەوە مێژووی ئێمەیە ئەم کولتوورەی بۆ فەراهەمکردووین، ئەوەش واتە خۆمان- چونکە میللەتان خۆیان مێژووی خۆیان دروستدەکەن.
دابین کردنی پێداویستییە تایبەتمەندەکانی ئافرەتان، تەندروستیش، بۆ جۆر و ئاستی سستمی حوکمڕانی لە وڵاتدا دەگەڕێتەوە کە تاچەند پەرژاوەتە سەر بوارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ئەولویاتەکانی چین...



# خراپ بەکارهێنانی ئامێری ئەلکترۆنی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە

**بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان قەیرانێکی بنبڕنەکراوەو تا هەنووکە بە ئاست و ڕێژەی جیاواز بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووە. لەهەرێمی کوردستانیش گەرچی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرترین کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانس بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە نەگریسە ئەنجامدراوە، بەڵام تا هەنووکە رۆژانە زۆربەی کەناڵەکانی میدیای بیستراو، نووسراو و بینراو، ئەو دیاردە نەرێنییە سەرقاڵی کردوون. چالاکانی بواری ئافرەتانیش هێما بۆ ئەوە دەکەن کە تەنیا لەڕووی چەندایەتی ڕێژەی توندوتیژی کەمتر بووەو لەڕووی چۆنایەتی توندوتیژییەکان زیاتر بوون، جەختیش لەوە دەکەنەوە، کە زۆرجار ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەک بەردێک بۆ شکاندنی ئاوێنەی ئافرەت بەکارهاتووەو تەنانەت بووەتە هۆکاری ئەوەی ئافرەت بۆ بەردەم فیشەکی چەک و پەتی خنکان و ئاگری سووتاندن پەلکێش بکرێ.**

### تا عەقڵییەتی کۆمەڵگە نەگۆڕێ توندوتیژی درێژەی دەبێت

چالاکی بواری ئافرەتان شەرمین کەریم، ڕایوایە توندوتیژی لە هەر کۆمەڵگەیەك بە ئاسانی بنبڕ ناکرێ، گوتیشی: تا عەقڵییەتی کۆمەڵگە نەگۆڕێ توندوتیژی درێژەی دەبێت و بنبڕ ناکرێت.

شەرمین هێما بۆ ئەوە دەکات کە شێوەکانی توندوتیژی زۆرن و تەنها تاوانەکانی لێدان و ئەشکەنجە و کوشتن ناگرێتەوە، بەڵکو ڕۆژانە بە قسە و گوفتاری ناشیرین و سووکایەتی و ئیدانەکردن بەرامبەر بە ئافرەت توندوتیژی دەکرێت. ئەو توندوتیژی دەروونی بە یەکێك لە جۆرە مەترسیدارەکانی توندوتیژیی هەژمار دەکات و دەڵێت: بێگومان ئەو کەسەی ئارەزووی بەدیهێنانی توندوتیژی دەکات، خۆی دەروونی نەخۆشە و ناخی نەخۆشی هانی دەدات بە دەوروبەری بڕێژێت و جەستە و دەروونیان بریندار بکات. ئەمەش لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا بە زەقی بوونی هەیە.

### بەکارهێنانی نادروستی ئامێرەی ئەلکترۆنی کاردانەوەی مەترسیداری بە دوای خۆیدا هێناوە

ئەو چالاکوانە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی توندویژییەکان بۆ نەبوونی پلانێکی گونجاو و لاوازیی ئاستی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان دەگەڕێنێتەوەو هاوکات دەڵێت: پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کاری زۆرتر بکرێت و ڕێکارە یاساییەکان باشتر و زیاتر بچنە بواری جێبەجێکارییەوە .

شەرمین سەبارەت بە بەکارهێنانی نادروستی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییەکانی لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی دەڵێت: بێگومان پێشکەوتنی هەر وڵاتێك بەندە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، کەچی مخابن تەکنەلۆژیا دەڤەرەکەی ئێمەی تا ڕادەیەك بەرەو هەڵدێر بردووە، ئەمەش لە ئەنجامی خراپی و نەزانی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیایە، کە کاردانەوەی خراپی لەسەر کۆمەڵگە هەبووە، چونکە تاکەکان بە شێوەیەکی خراپ بەکاری دەهێنن، دواتریش باجی ئەو خراپ بەکارهێنانە دەدرێ و زۆر بە گرانیش بەرەو چارەسەر دەڕوات، جاری واش هەیە بەکارهێنانی نادروستی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان کاردانەوەی مەترسیداری بە دوای خۆیدا هێناوەو هەمیشەش ئافرەت بووەتە سووتەمەنی و قوربانی ئەو نەزانییە و هەندێك جاریش بە لەدەستدانی گیانی باجەکەی داوە.

### هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی ئافرەت بەجێ دەهێڵێت

هەلز عەلی سـەلیم خانمێکی میدیاکارە هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەر ڕەفتارێك ئازار بگەیەنێتە کەسی بەرامبەر، ئەوا ئەو ڕەفتارە بەتوندوتیژی هەژمار دەکرێت، جا ئەو جۆرە ڕەفتارە، ئازاری دەروونی، یان جەستەیی بێت، واتە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ژیانی ئافرەت بەجێ دەهێڵێت و زۆرجار وای کردووە ئافرەتێك پەنا بۆ خۆکوشتن ببات .هەروەها خراپ بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی وەك مۆبایل و ئینتەرنێت دەچێتە خانەی توندوتیژییەکی مەترسیدار، چونکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەسایەتی کەسێك دەشکێنێ و تەنانەت مەترسی گیانی بۆ دروست دەکات.

### توندوتیژی لەڕووی چەندایەتی کەم و لەڕووی چۆنایەتی زیاتر بووە

بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٣)دا تەنیا (٣٠) حاڵەتی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، لەبەرامبەردا (٣٨١) سکاڵا تۆمارکراوە، واتا ڕێژەکە بەرەو کەمبوونەوە چووە.

پسپۆڕی دەروونی بەهار ڕەفیق فەتحوڵڵا، ڕایوایە ڕێژەی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستاندا لەڕووی چەندایەتی بەرەو کەمبوونەوە چووە، بەڵام چۆنایەتی و شێوازەکانی زیاتر بووە، واتە چەندین جۆری دیکەی توندوتیژی پەیدا بووە، وەك توندوتیژیی ئەلیکترۆنی کە ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی کردۆتە قوربانی، توندوتیژی تەکنەلۆژی وەك چەکی کوشندە بەرامبەر ئافرەت بەکار دەهێنرێت هۆکارەکەشی بۆ ناوشیاری کۆمەڵگە بەرامبەر بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە .

ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئافرەتان لەشاری هەولێر، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ کەمکردنەوەی هەر دیاردەیەك پێویستە یاسایەکی بۆ دەربچێت، لەهەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی لەساڵی ٢٠١١ دا دەرچووە، ئێستا ئەم یاسایە خەریکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی ئەم یاسایەو بەهێزکردنی تواناکانی ئەو یاسایە کردنەوەی دادگای تایبەتە بەکێسەکانی توندوتیژی خێزانی هەموو ئەم هەنگاوانە هۆکارێکی زۆر گرنگ دەبن لەکەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی و توندوتیژی دژ بەئافرەتان . گوتیشی: ئێمە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی چەندین نووسینگەمان لە پارێزگاکان و شارۆچکەکان کردۆتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دەبێت.

### کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی بەهۆی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاوە زۆر ئەستەمە

ڕائید ژیلەمۆ ئەوەشی خستەڕوو کە ئەگەر بودجەی تایبەتیان هەبێت لەبەرنامەیاندایە لەساڵی ٢٠١٤ لەهەموو شارۆچکەکان و هەموو ئەو شوێنانەی کە دادگایان لێیە، نووسینگەی تایبەت بکەنەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی تاچەند لە سەر ڕێژەی توندوتیژییەکان کاریگەری هەبووە و ئەو دیاردەیە تاچەند کۆنترۆڵ کراوە، بەڕێوبەری نەهێشتنی توندوتیژی گوتی: بێگومان کۆنترۆڵکردنی توندوتیژیی تەکنەلۆژی بەهۆی مۆبایل و ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاوە زۆر ئەستەمە، چونکە ئەو توانا بەهێزەی تەکنەلۆژیامان نییە کە بتوانین کۆنترۆڵی سەرجەم تۆڕەکانی پەیوەندی بکەین، بێگومان کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە ئێستا سیمکارتی مۆبایل و ئینتەرنێت بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێت، ئەمەش چارەسەرکردنەکەی زەحمەت کردووە، بەڵام یاسایەکی باشمان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژی کە بەهۆی ئەم یاسایەوە دەتوانرێ سزای ئەو کەسانە بدرێت کە کاری نایاسایی بە مۆبایل و سەرجەم ئامێری ئەلیکترۆنی دەکەن .

چالاکی بواری ئافرەتان شەرمین کەریم، (گرتنەبەری کاری جددی و وشیارکردنەوەی تاك و یەکدەنگی ژنان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی) بە باشترین ڕێگە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاریشانەدا دەستنیشان دەکات.

هەلز عەلی سەلیم، هەمان ڕای هەیە و هاوکات پێشنیار دەکات وشیارکردنەوەی تاك لە قوتابخانە و خێزانەوە دەست پێبکات، بە جۆرێك پەروەردەکردنی خێزان لەسەر بنەمایەك بێت کە کێشەکانی کەم بکاتەوە، هەروەها پێویستە کاربکرێت بۆ بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەتایبەتی پێویستە سیستەمی پەروەردە لە دژی جیاوازیی ڕەگەزی تاکی بڕوادار بە مافی مرۆڤ پەروەردە بکات.

بەهار ڕەفیق بە پێویستی دەزانێت سانسۆرێك بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا هەبێت و دەڵێت: لە هەموو وڵاتانی جیهاندا بەپێی یاسای سانسۆر لەسەر ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی و ئەو تەمەنانەی کە بەکاری دەهێنن، کۆنترۆڵی توندوتیژییەکان و خراپ بەکارهێنانی دەکرێ.

**پێویستە سیستەمی پەروەردە لە دژی جیاوازیی ڕەگەزی تاکی بڕوادار بە مافی مرۆڤ پەروەردە بکات**

**پێشکەوتنی هەر وڵاتێک بەندە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، کەچی مخابن تەکنەلۆژیا کۆمەڵگەی ئێمەی تا ڕادەیەک بەرەو هەڵدێر بردووە**





# داوا دەکرێ حکومەتی نـ

گەرچی تا هەنووکە کۆسپەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێنەپەڕێندراون، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ، سەرکردایەتیی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا ئەو دۆخە هەستیارە لەبەرچاو بگرن و لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش کۆ ببنەوە و کابینەی نوێی حکومەت رابگەیەنن، چالاکانی مەدەنی و ئافرەتانی کوردستانیش دەخوازن لە کابینەی نوێدا ئافرەتـــان جێگە و پێگەی تایبەتیـــان پێ بدرێ و حکومەتی نوێ وەک کابینەکانی پێشـــوو لە شـــێوە و ناوەڕۆکدا کارامەییەکانی ئافرەتان پشتگوێ نەخات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



# ـوێ تەلیسمی عەقڵییەتی پیاوسالارانە بشکێنێت

لەسەر و بەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك پرسیار بۆ چالاکانی مەدەنی و ئافرەتانی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، لەوانە: ئایا کارنامەو ناوەڕۆکی بەرنامەکانی کابینەی هەشتەم دەتوانێت خزمەت بە دۆزی ئافرەتان بکات و مافەسیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانیان دەستەبەر بکات؟ ئایا گرنگی بەوە دەدرێ کە دەرکەوتنی ئافرەتان لە پلە باڵاکانی کابینەی نوێدا، ئەو هاوکێشەیە دەگۆڕێت کە تا هەنووکە حکومەتەکانی هەرێم بە گیرۆدەبوونی بە عەقڵییەتی پیاوسالار تۆمەتبار دەکرێت؟

**پێویستە لەڕووی تیۆری و پرۆگرام و پراکتیکەوە بایەخی تەواو بە پێگەی ئافرەتان بدرێت**

ئەڤین هروری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێت: نەك تەنیا لە پۆستە باڵاکانی حکومەت، بەڵکو لەگشت بنەماکانی ژیان و جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت ئافرەتان ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن. بۆیە پێویستە لەڕووی تیۆری و پرۆگرام و پراکتیکەوە بایەخی تەواو بە پێگەی ئافرەتان بدرێت. ئەوەندەی من ئاگادار بم زۆر پرۆگرامی ئەرێنی بۆ ئافرەتان دانراون، بەڵام زیاتر بەشێوەی تیۆری بوون و نەچوونەتە بواری پراکتیك و جێبەجێکارییەوە. بۆ نموونە : دوا هەنگاو لە حکومەتدا بۆ بواری ئافرەتان، پێکهێنانی بۆردێکی تایبەت بەئافرەتان بوو، چەندین وەزیر تێیدا بەشدار بوون و تەنانەت سەرۆکی حکومەت خۆی سەرۆکی ئەم بۆردە بوو، وەك دەبینین ئەو هەنگاوانە هەمووی نراون، بەڵام ئەو بۆردانە نەبوونە هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەکانی ئافرەت و وەك پێویست نەیانتوانیوە کارێکی گرنگ بکەن، کە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بەرێوەچوونی ژیانی ئافرەتان هەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە هەنگاوەکان سوودمەندتر بن و هەنگاوی کردەیی و پراکتیکی لەپشت بێت.

**پێویستە سیستەمێك بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی ئافرەتان هەبێت**

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، خاڵێکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی دۆسیەی ئافرەتان لەوەدا کورت دەکاتەوە کە «سیستەمێك بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی ئافرەتان هەبێت»، گوتیشی «ئێمە لەم قۆناغەی ئێستادا بەرەوپێش دەچین و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە هەرێمەکەماندا خەریکە دەچێتە نێو ژیانی هەمووانەوە، ئەمەش لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام ئایا چەندایەتی ئافرەتان لە هەر هەڵبژاردنێك تا چەند بایەخی پێدراوە؟ گەرچی ئافرەتان بەکۆتا دەتوانن بەشدارییەکی کارا لە پۆستە بەرزەکان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بکەن، بەڵام زۆربەی پارتە سیاسییەکان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبنەوە کە تاچەند ئافرەتیان بۆ پرۆسە سیاسییەکان ئامادە کردووە؟

بێگومان ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا، پێگەیاندن و ئامادەکردنی ئافرەتە بۆ پۆستە سیاسییەکان، لەم قۆناغەدا ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنە سیاسییەکانە و کابینەی هەشتەمی حکومەتیش زۆر پێویستە لەبەرنامەو کارنامەی خۆیدا میکانیزم و سیستەمێکی بەهێز بۆ پەروەدەرکردنی ئافرەتان دابنێت».

**ئاستەمە بەسەر عەقڵییەتی پیاوانەی سیاسییەکاندا زاڵ بین**

شەوین عەلی مامۆستای زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت لە کارنامەی حکومەتدا زۆر گرنگترە لە وەرگرتنی

**پێویستە لەڕووی تیۆری و پرۆگرام و پراکتیکەوە بایەخی تەواو بە پێگەی ئافرەتان بدرێت**

**کێشەی ئافرەتان تەنیا بە کردنەوەی سەنتەر، یان ناوەندێك چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بەرنامەی ستراتیژی و شکاندنی تەلیسمی نێرسالاری پێویستە**

**پێویستە کابینەی نوێی حکومەت دەرفەتی زیاتر بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتان برەخسێنێت و ئافرەتانیش خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەرکی قورستر ئامادە بکەن**



**تا رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بە حزبە سیاسسیەکان و حکومەتیشەوە خۆیان لە عەقڵییەتی پیاوانە و نێرینە رزگار نەکەن، مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی دەستەبەر نابێت**

**لە هەرێمی کوردستان پرۆگرامی گرنگی پێدان بە تواناکانی گەنجان هەیە و بەرنامەی تواناسازیی لاوان خزمەتی زۆری بە لاوان کردووە، بەڵام چ بەرنامەیەک بۆ برەودان بە تواناکانی ئافرەتان هەبووە؟**

**ئەو سنوورە شکێندراوە کە ئافرەت شەرم لە کار و چالاکی بکات، ئێستا چەندین ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکان و چەندین بەڕێوەبەری گشتی ئافرەتن و تەنانەت لە بواری سەربازیشدا پۆلیس و ئەفسەری ئافرەت دەبیندرێن**

رووکەشی پۆستی باڵا لەلایەن ئافرەتانەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرجەم وەزیرەکانی نێو کابینەی حکومەت ئافرەت بن، بەڵام کارنامەیەکی باشیان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان نەبێت، زۆر ئاستەمە کە بتوانرێت بەسەر عەقڵییەتی پیاوانەی سیاسییەکاندا زاڵ ببن»، گوتیشی «ئەگەر ئێمە ورد بینەوە، دەبینین لەسەرجەم کابینەکانی حکومەتدا ئافرەت پۆستی باڵایان هەبووە، کەچی کارنامەی حکومەت نەیانتوانیوە ئافرەتی سەرکەوتوو دروست بکات، با بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە پرسیارێکی زۆر گرنگ بکەین: هەمووان دەزانین لە سەرجەم شار و شارۆچکەکاندا سەنتەر و بارەگای رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان هەن، کە بەشێوەیەکی گشتی کاری جوانیان کردووە، بەڵام ئایا وەزیر و پەرلەمانتارە ئافرەتەکان سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە، تا لە نزیکەوە بزانن کێشەی ئافرەتانی کورد لەو دەڤەرانە چییە و ئافرەتی گوندنشین چ ئاریشەیەکی هەیە؟ بۆیە زۆر گرنگە بزانین کارنامەی حکومەت چییە؟ ئایا حکومەت گەشەپێدانی تواناکانی ئافرەتانی کردۆتە بەرنامە؟ وەك دەبینین لە هەرێمی کوردستان پرۆگرامی گرنگی پێدان بە تواناکانی گەنجان هەیە و بەرنامەی تواناسازی لاوان خزمەتی زۆری بە لاوان کردووە، بەلام چ بەرنامەیەك بۆ برەودان بە تواناکانی ئافرەتان هەبووە؟ ئافرەت مافی خۆیەتی پرۆژەیەکی لەو جۆرەی هەبێت، کە هیوادارم لەکابینەی داهاتوودا ئەم پرۆژەیە بواری تەواوی بۆ برەخسێنن و ئافرەتانیش لە تواناسازییەکان سوودمەند ببن» .

**پێویستە ئافرەتان پێداگری لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی وەزارەتی ئافرەتان بکەن**

کۆمەڵناس ئیسماعیل ئەمین، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەتا ئەمرۆ ئافرەت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە دیوار و کۆت و بەندەکان ببرێت و بۆ سەربەخۆبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی هەنگاوی گرنگی نەناوە، گوناحەکەشی بۆ نەبوونی پلانی حکومەت بۆ ئافرەتان دەگەڕێتەوە، چونکە گرنگی بەتواناکانی ئافرەتان نەدراوە، ئەوەتا پرۆژەی قەرزی بچووك کە پرۆژەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتییە، بەشێوەیەکی زۆر کەم و کورت جێبەجێ کراوە و ئافرەتان زۆر کەم سوودیان لەم پرۆژەیە بینیوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هیچ کام لە پرۆژەکانی حکومەت نەیانتوانیوە چۆن بۆ پیاو سوودی هەبووە، ئەوهاش ئافرەتان لێی سوودمەند بن».

ئەو کۆمەڵناسە پێشنیار دەکات حکومەتی داهاتوو بەر لە هەموو شتێك وەزارەتێکی تایبەت بە ئافرەتانی هەبێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت «بە بڕوای من سەرکەوتوویی کارنامەی حکومەت لەوەدایە کە وەزارەتێك هەبێت بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کردنی ئەو پرۆژانەی کە تایبەتن بە ژنان، ئەگەر سەیر بکەین لە کابینەی پێنجەمدا وەزارەتی تایبەت بە ژنان هەبوو، کە ئەو وەزارەتە توانی زۆر شتی گرنگ بکات و چاودێریی زۆربەی ئەو شتانە بکات کە تایبەت بوون بە پرس و مافی ژنان، بۆیە هیوادارم لەم کابینەیەدا ئافرەتان پێداگری لەسەر دووبارە دروستکردنەوەی ئەو وەزارەتە بکەن».

**ئەو سنوورە شکێندراوە کە**
**ئافرەت شەرم لە کار و چالاکی بکات**

بەڵام شادیە عەبدولوەهاب وەك چالاکوانی رێکخراوی

کۆمەڵەی مەدەنی، ڕایوایە «ئافرەتان خۆیان لەهەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان کەمتەرخەمییان کردووە»، گوتیشی «بەشێکی زۆر لە ئافرەتان خۆیان کار بۆ ئەوە ناکەن کە پێبگەن و کار و داهاتووی باشتریان هەبێت .ئافرەتان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا چەندین هەلیان دەستکەوتووە، چەندین پۆست و پلە ئێستا بۆ ئافرەتان دانراوە، کە پێشتر تەنیا لەسەر پیاوان حساب کرابوو، واتە ئەو سنوورە شکێندراوە کە ئافرەت شەرم لە کار و چالاکی بکات، ئێستا چەندین ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکان و چەندین بەڕێوەبەری گشتی ئافرەتن و تەنانەت لە بواری سەربازیشدا پۆلیس و ئەفسەری ئافرەت دەبیندرێن، کە پێشتر کە تەنیا تایبەت بە پیاوان بوو، واتە ئەوەی گرفتەکە بۆ ئافرەت دروست دەکات، لەوەدایە کە ئافرەتان هەتا ئێستا وەك پێویست هەستیان بڕوابەخۆبوونیان بەهێز نەکردووە، ئەوەش زیانی زۆری بە ئافرەت گەیاندووە. بێگومان ماف هەتا هەوڵی بۆ نەدرێ، دەستەبەر ناکرێ. شەرمنی و گرنگینەدان بە کەسایەتیی بەهێز وادەکات ئافرەت نەتوانێت مافەکانی دەست بکەوێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە کابینەی نوێی حکومەت دەرفەتی زیاتر بۆ هاتنەپێشەوەی ئافرەتان بڕەخسێنێت و ئافرەتانیش خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەرکی قورستر ئامادە بکەن».

**کێشەی ئافرەتان بە کردنەوەی ناوەندێك چارەسەر ناکرێت**

هانا سالار قوتابی زانکۆیەو بە پێچەوانەی شادیە ڕایوایە ئافرەتانی سەرکەوتووی کارامە بە پلان و بەرنامەی حکومەت پەروەردە دەکرێن و دەڵێت «کێشەی ئافرەتان تەنیا بە کردنەوەی سەنتەر، یان ناوەندێك چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بەرنامەی ستراتیژی و شکاندنی تەلیسمی نێرسالاری پێویستە، واتە تا ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان بە حزبە سیاسسیەکان و حکومەتیشەوە خۆیان لە عەقڵییەتی پیاوانە و نێرینە رزگار نەکەن، مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی دەستەربەر نابێت».

**ئافرەتان هەتا ئێستا وەک پێویست هەستیان بڕوابەخۆبوونیان بەهێز نەکردووە، ئەوەش زیانی زۆری بە ئافرەت گەیاندووە**



# منداڵان قوربانیی سەرەکیی خێزانی لێکترازاون

ئەگەر تەنیا ئاماری شـەش مانگی یەکەمی سـاڵی ڕابردوو (٢٠١٣) سـەبارەت بە ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسـەران بە نموونە وەربگرین، کە ئەنجومەنی دادوەری بڵاوی کردۆتەوە، دەبینین لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە دوو هەزار خێزان هەڵوەشـاوەتەوە. ئەو ئامارە تەکاندەرە کە تێکچوونی شـیرازەی خێزانی بەرجەستە دەکات، هێمایەکی مەترسیدارە و بێگومان لە پێش هەموو شـتێکدا جیابوونەوەی دایکان و باوکان چارەنووسی منداڵەکانیان دەخاتە مەترسییەوە. چونکە منداڵ لەو هەلومەرجە دژوارەدا بەردەوام لە بۆشاییەکی ڕۆحیدا دەژی و لەلای هەرکام لە دایک، یان باوکی بگیرسێتەوە، تەرازووی ژیانی داهاتووی لاسـەنگ دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار دایک لە بینینی منداڵی خۆی بێبەش کراوە، بۆیە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ژێر بەرنامە و پلانێکی داڕێژراو بەهەماهەنگی لەگەڵ دادوەر و دادگا ئاسانکاری بۆ چاوپێکەوتنی دایک و باوک و منداڵ ئەنجام دەدات، تاوەکو بۆ چەند چرکەساتێک منداڵی بەرهەمی تەڵاق بە دیداری خێزانە لەت کراوەکەی هەست بە دڵنەوایی بکات.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

«تەڵاق گرفتێکی ئاڵۆز و برینێکی زۆر قووڵی کۆمەڵایەتییە، کە منداڵ پێش دایك و باوکی باجەکەی دەدات، لەکاتێکدا لەسەرەتاوە ئەو دایك و باوکە بە دووقۆڵی بڕیاری بەیەکەوە ژیان و هێنانە دنیای منداڵیان داوە، کە کەسی سێیەم لەو کاتەدا نەبووە، بەڵام بێ ئەوەی ڕەچاوی باری دەروونی منداڵەکەیان بکەن، بەوپەڕی خۆپەرستییەوە بڕیاری جیابوونەوە دەدەن، کەچی منداڵی بێتاوان کە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەیە باجدەر و قوربانیدەری یەکەمی گرفتەکەیە، لەبەرئەوەی منداڵ پێویستی بەوە هەیە، کە لەنێو خێزانەکەی و لەژێر چەتری دایك و باوك بەیەکەوە ژیان بکات». ئەوە دەستپێکی قسەکانی سەیران سەلاح بوو. ئەو (سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان)ـە و چەند ساڵێکە چالاکییەکی بەرفراوانی لە بواری مافی منداڵان و خزمەتکردنیان هەبووە. ئەو ڕایوایە کاتێك بە ناچاری منداڵی بێتاوان دەبێتە قوربانی جیابوونەوەی دایك و باوکی، لانیکەم دەبێت لە دیداری هیچیان بێبەش نەکرێت، گوتیشی «ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێ ڕێکخراوی دیکە لەساڵی ٢٠٠٦ پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە بینینی منداڵ لەلایەن باوانیەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرد، بەڵام بەداخەوە پارێزەرێك بیرۆکەی پڕۆژەکەی ئێمەی بردو بەناوی خۆی پێشکەشی لایەنی پەیوەندیداری کرد».

سەیران ڕایوایە چاوپێکەوتنی منداڵ بە باوانی لە ناو نووسینگەکانی سکرتاریەتی ئافرەتان، یان هەر ڕێکخراوێکی حزبی چارەسەرێکی باش نییە، ئەو جێگەیە هۆڵێکی داخراوە دەیان دایك و باوکی تێدا کۆکراوەتەوە، ماوەی دیدارەکەش زۆر کەمە، ئەوە بۆ باری دەروونیی منداڵەکەش باش نییە، ئەو باوکە، یان ئەو دایکە پێویستە بیباتەوە بۆ ماڵی خۆی و لانیکەم شەو و ڕۆژێکی بۆ تەرخان بکات. نەك دایك و باوکەکە ببنە دوژمن و تەنانەت ڕێگری لە دیداری منداڵیان لەگەڵ باوان بکەن. پێویستە هەوڵ بدەن لانیکەم ئەگەر نەیانتوانیوە هاوسەری بکەن، با ببنە هاوڕێ و چیدی مافی منداڵی خۆیان پێشێل نەکەن و ئاسانکاری بۆ دیداری منداڵ بەتایبەتی لەگەڵ دایکی بکەن».

دایکان و باوکان دوای جیابوونەوەیان بە مەبەستی بینینی منداڵەکانیان بەپێی ئەو خشتەیەی کە دادگا بۆی داناون، سەردانی پەیمانگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەکەن. لەمبارەیەوە د. ڤیان سلێمان سکرتێری گشتیی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ گوڵان گوتی «لەپەیمانگای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەسەرپەرشتی ستافێکی کارا جێگەیەکی باش بۆ خێزانی لەیەکترازاو بە مەبەستی بینینی منداڵەکانیان تەرخانکراوە، لەئێستادا ١٤٦ حاڵەتمان هەیە، بەپێی یاسا هەر دوو هەفتە جارێك دایکان و باوکان منداڵەکانیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر دەبینن، لەم بەشەدا کۆمەڵێ یاریی منداڵان تەرخانکراوە، هەروەها کۆمەڵناس و دەروونناس و یاساناسێك لەم بەشدا سەرپەرشتی خێزانەکان دەکەن، ڕاستە ئەو دوو کەسە لە ڕابردوودا بۆ یەکتر هاوسەری باش نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایك و باوکی ئەو منداڵەن و دەکرێ دایك و باوکێکی باش بن بۆ منداڵەکان و ڕێگە نەدرێ لێك جیابوونەوە کاردانەوەی نەرێنی لەسەر منداڵەکەیان هەبێت، ئێمە لە ڕێگەی بەدواداچوونەکانمان ڕای خۆمان دەدەینەوە بە دادگا کە ئەو منداڵە لای دایکەکە، یان باوکەکە تاچەند غەدری لێکراوە، لەم حاڵەتەدا توانراوە منداڵەکە لەلایەنی یەکەم وەربگیرێتەوە و بدرێتەوە بە لایەنی دووەم، تەنانەت زۆرجاریش توانیومانە ئەو دایك و باوکە ئاشت بکەینەوە».

چالاکوان بەختیار بەشیر هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەبواری مافەکانی مرۆڤ و ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی یاسای پاراستنی مافی منداڵ کە لەساڵی ١٩٨٩ دەرچووە، لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستە بەرژەوەندیی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت، هەر لە مافی بەخێوکردن و خوێندن و پەروەردەکردندا، دەکرێ لەکاتی جیابوونەوەی باوانیش ئەو لایەنە فەرامۆش نەکرێت، گوتیشی «بەداخەوە ئەو منداڵانەی بەو قۆناغەدا تێپەڕدەبن لەبۆشاییەکی ڕۆحیی ناخۆش گوزەر دەکەن، تەنانەت زۆرجاریش خۆیان لەگەڵ هاوڕێکانیان بەراورد دەکەن کە خێزانەکەیان وەکو هی ئەوان تووشی شکست و هەڵوەشانەوە نەهاتووە، ئەوەش باری دەروونیی منداڵەکە ئاڵۆز دەکات و وادەکات باری دەروونی ناجێگیر بێت، ئەو حاڵەتەش زیاتر ئەوکاتە بەرجەستە دەبێت کە منداڵەکە چ کوڕ بێت چ کچ دەچێتە قۆناغی هەرزەکاری، چونکە منداڵ لەم کاتەدا پێویستی زۆری بە باوان هەیە، بەپێی توێژینەوەکان زۆربەی ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە کەتن و تاوان دەکەن بەرهەمی خێزانی لێکترازاون کە بەهۆی بڕیارێکی هەڵەی دایك و باوك منداڵ و پەروەردەی نادروست تووشی ئەنجامدانی تاوان بوون».

ئەو چالاکوانە جەختی لەوە کردەوە کە ئەو خشتەیەی بۆ بینینی منداڵ ڕێکخراوە، لای منداڵەکان مایەی گرفتە، چونکە ڕەنگە لە وەختێك منداڵەکە، یان هەرزەکارەکە پێویستی بەوە بێت، دایکی، یان باوکی ببینێت و قسەی لەگەڵدا بکات، بەڵام دەبێت بەپێی خشتەکە چاوەڕێی کاتی سەردانەکە بکات کە دادگا بۆی داناون، بۆیە ئەو بینینە ناتوانێ بێ باوکی و بێ دایکیی منداڵەکە چارەسەر بکات، زۆرجاریش باوك یان دایك دیارییەك بۆ منداڵەکە دەکڕێت، دەبینین دایکەکە یان باوکەکە واتا لایەنەکەی دیکە هەموو ڕقی خۆی بەو دیارییە دەڕێژێت و دوور نییە بیشکێنێت، ئەوەش دیسان لای منداڵ بارودۆخێکی نامۆ و ناخۆش دروست دەکات و منداڵەکە گۆشەگیر دەکات، هەندێك جار دوای جیابوونەوەی خێزانەکان منداڵەکە بەهیچ لایەك نادرێت، بەڵکو دەدرێتە خێزانی جێگرەوە، یان دەدرێتە خانەی بێسەرپەرشتان، ئەوکاتە دەروونی منداڵەکە جێگیرتر و باشتر دەبێت».

لەلای خۆیەوە ئەحمەد شافعی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایان لە هەرێمی کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە لیژنەی باڵای فەتوا و وەکو لایەنی شەرعی میللەتی کورد لەسەر ڕێڕەو و مەزهەبی ئیمامی شافعی دەڕوات و گوتی «کاتێك کە جیابوونەوە لەنێوان دوو هاوسەردا ڕوودەدات، هەم لە ڕووی شەرعەوە و هەمیش لەڕووی یاساییەوە منداڵ دەدرێت بە دایك، هەرچەندە باوکەکەشی داوای بکات، ئەگەر منداڵەکە کچ بێت، یان کوڕ چونکە لەئاییینی پیرۆزی ئیسلامدا بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچ نەکراوە، بە مەرجێك دایکەکە ڕێگە لەباوکەکە نەگرێت بۆ بینینی منداڵەکان و بەپێچەوانەوە ئەگەر لای باوکەکە بوون، ئەگەر دایکەکە نەیویست لەو کاتەدا دەدرێت بە دایکی ئافرەتەکە، هەتاوەکو ئەو منداڵە دەگاتە ئاستی ئەوەی کە چاکە و خراپەی خۆی لەیەکتر جیابکاتەوە، ئەوکات دەتوانێ بڕیاری خۆی بدات کە لای دایکەکەی، یان باوکەکەی دەمینێتەوە، بێ ئەوەی شەرع و یاسا فشاری بخەنە سەر، تەنانەت جاری وا هەبووە دایکی دایکەکەش منداڵەکەی نەویستووە، لەو حالەتەشدا منداڵ بەهیچ شێوەیەك نادرێتە دەست پیاو کە باوکی منداڵەکەیە، بەڵکو دەدرێت بە دایکی باوکەکە».

مامۆستایەکی ئایینی:

**کاتێک کە جیابوونەوە لەنێوان دوو هاوسەردا ڕوودەدات، هەم لە ڕووی شەرعەوە و هەمیش لەڕووی یاساییەوە منداڵ بە دایک دەدرێت**

توێژەرێك:

**بەپێی توێژینەوەکان زۆربەی ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە کەتن و تاوان دەکەن بەرهەمی خێزانی لێکترازاون**

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

**بەسەرپەرشتی ستافێکی کارا لەپەیمانگای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان جێگەیەکی باش بۆ خێزانی لەیەکترازاو بە مەبەستی بینینی منداڵەکانیان تەرخانکراوە**